ميدياى كورد
Kurdish Midya
رۆژنامەیەكی سیاسی رۆشنبیریی گشتیی ئازادە
كۆمەڵێك رۆژنامەنووسی ئازاد لەناوەوە دەرەوەی كوردستان دوو هەفتە جارێك دەریدەكەن
No (2) first year, Sun. 27/3/2005
ژمارە (٢) ساڵی یەكەم - یەك شەممە ٢٠٠٥/٣/٢٧

بەبۆنەی جەژنەكانی نەورۆزو سەری ساڵی كوردییەوە، پیرۆزباییەكی گەرم ئاراستەی سەرجەم گەلی كورد دەكەین هیوادارین هەموو ساڵێك بەخۆشی و شادییەوە پێشوازی لەم جەژنانە بكەن.

# عەممار ئەلحەكیم:

# سەبارەت بەكەركوك، هیچ بەڵێنێكمان بە كورد نەداوە و ئێمەش وەك توركیا نیگەرانین



**پەیامنێر:**
لەكاتێكدا وا چاوەڕوان دەكرێت لەم چەند رۆژەی داهاتوودا كورد لەگەڵ ئیئتیلافی یەكگرتووی شیعە بە رابەرایەتی عەبدولعەزیز حەكیم بۆ پێكهێنانی حكومەتی داهاتووی عێراق ئیئتیلاف بكەن، عەممار ئەلحەكیم كوڕی عەبدولعەزیز حەكیم لەسەردانیدا بۆ توركیا ڕایگەیاند كە تێڕوانینی ئەوان بۆ مەسەلەی كەركوك و فیدرالیەت وەك تێڕوانینی توركیایە.

كوڕی حەكیم كە ئێستا لە توركیایە لە نێو ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی بەرپرسی كاروباری فەرهەنگیی ئەنجومەنەكەیە، دوێنێ بەسەردانێك گەیشتە توركیا.

عەممار ئەلحەكیم كە لەسەربانگهێشتی وەزیری دەرەوەی توركیا سەردانی ئەو وڵاتەی كردووە، لە دیمانەیەكی كورتیدا لەگەڵ رۆژنامەی ZAMANی توركی ڕایگەیاند: "تێڕوانینی توركیا سەبارەت بە مەسەلەی كەركوك و فیدراڵیەت دەزانین، ئێمەش وەكو ئەوان بیر دەكەینەوە لە دانوستانەكان بۆ پێكهێنانی حكومەت لەگەڵ كورددا كراون سەبارەت بە كەركوك هیچ بەڵێنێكمان بەكورد نەداوە".
نێوبراو سەبارەت بەداهاتووی كەركوك دەڵێ: "كەركوك شاری كورد و عارەب و توركمانەكانە و عێراقێكی بچوك كراوەیە.

# موقتەدا سەدر لەدەست ئیئتیلافی یەكگرتووی شیعە هانای بۆ سەركردایەتیی كوردستان هێنا



**پەیامنێر:**
نوێنەری سەدر لەدیداریدا لەگەڵ بارزانی و تاڵەبانی داوای لێكردن وا بكەن ئیئتیلافی شیعە لەحكومەتی نوێدا پێگەیەكی دیار بە گرووپی سەدر ببەخشێت. هەفتەی رابردوو، عەلی سمێسم بەنوێنەرایەتیی موقتەدا سەدر و بەسەرۆكایەتیی شاندێك سەردانی هەر یەك لە بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانیان كرد.

لەدیدارەكانیاندا لەگەڵ سەركردایەتیی كوردستاندا نوێنەری سەدر شكایەتی لە ئیئتیلافی شیعە كرد كە سەرەڕای ئەوەی كە ئەوان لە هەڵبژاردنە گشتییەكانی عێراقدا توانیویانە لەنێو لیستی ئیئتیلافی یەكگرتووەوە ٢٣ كورسی لەپەرلەمانی عێراقدا بەدەست بێنن، بەڵام ئیئتیلاف ئامادە نیە رۆڵیان پێ ببەخشێ و پۆستی وەزارییان بداتێ.

سەركردایەتی كوردی لەم دیدارانەدا بەڵێنی پشتگیرییان پێداون و ئەوەش پتر لەو روانگەیەوە بووە كە رەوتی سەدر رایان گەیاندوە ئەوانیش پشتگیری تەواو لەیاسای ئیدارەی كاتی دەكەن.

هاوكات لەو بارەیەوە سەرچاوەیەك لە ئیئتیلافی یەكگرتووی شیعە رایگەیاندووە كە رەوتی سەدر بەچەند وەزارەتێك بەشداری لەحكومەتی نوێدا دەكەن.

بەپێی هەواڵی رۆژنامەی (ئەلوەتەن)ی سعودی كاربەدەستێكی باڵای ئیئتیلافی یەكگرتووی شیعە كە ناوی نەهێندراوە، بە رۆژنامەكەی راگەیاندووە كەوا رەوتی سەدر لەم حكومەتە نوێیەدا خاوەنی چەند پۆستێكی وەزاری دەبن، چونكە ئەوان توانیویانە ٢٣ كورسی بەدەست بێنن.

ئەم نزیكبوونەوەیەی رەوتی سەدر بە سەرۆكایەتی () لەسەركردایەتیی كوردستان، نیشانەی ئەوەیە كە ناكۆكییەكی قووڵ لە ناو ئیئتیلافی یەكگرتووی شیعەدا هەیە و كلیلی چارەسەری زۆربەی كێشەكانی ئەمڕۆی عێراق لای كوردە. ئەو بادانەوەیەی رەوتی سەدریش رەنگە تا رادەیەك ببێتە هۆی گۆڕانی هاوكێشەكان لەعێراق بەگشتی و كەركوكیش بەتایبەتی، چونكە ئەم رەوتە پشتگیرییەكی تەواوی لەبەرەی توركمانی دەكرد و توركمانە شیعەكانی كەركوكیان لە دژی فیدرالیەت و گەڕانەوەی كەركوك بۆ سەر كوردستان هان دەدا.

# نهێنی نزیك بوونەوەی شیعەكان و توركیا ئاشكرا بوو

ماوەیەكە شیعەكان لەسەر مەسەلەی كەركوك و پێشمەرگە لەگەڵ توركیا هاوئاواز بوونە و تەنانەت بەر لەوەی توركیا رایبگەیەنێ كە ئامادەیە دان بە فیدراڵیی بوونی عێراقدا بنێ هەندێ لە بەرپرسانی شیعە لە توركیاش توندتر دژایەتیی فیدرالیزمیان دەكرد و دەیانگوت "ئەوەی بەشەرەف بێت فیدراڵی رەت دەكاتەوە". ئەو نزیك بوونەوەیەی شیعە و تورك ببوە هۆی پرسیار و لەوەش سەیرتر سەردانە بەردەوامەكانی سەرانی شیعە بۆ توركیا بوو، بەڵام سەردانەكەی دوێنێی عەممار حەكیم بۆ ئەنقەرە پەردەی لەسەر ئەو نهێنییە هەڵماڵی و لەچاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ رۆژنامەی ZAMANی توركی ئاشكرای كرد كە خێزانی محەمەد باقر سەدر (واتە نەنكی عەممار) توركە و هەر جارێك بچێتە توركیا سەردانی ماڵی باپیریشی دەكات. لە سەردانەكەی دوێنێیدا عەممار لێدوانێكی برینداركاری دا و گوتی: نیگەرانییەكانی ئێمە و توركیا لەبارەی كەركوك وەك یەكن. ئەوەش سەلمێنەری ئەو پەندە كوردییەیە كە "گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ".

دادوەری دادگای تایبەتی سەدام:

# عەدالەت بەسەر ئەو كەسەشدا جێبەجێ دەكرێ، كە پێی وابوو لە یاسا بەرزترە



دادوەرەكانی دادگای تایبەتی سەدام لەبەر بارودۆخی ئەمنی، تا ئێستا ناویان ئاشكرا نەكراوە، بەڵام رائید جوحی كە یەكێ لەو دادوەرانەیە و زوو ناوی ئاشكرا كرا لەو بارەیەوە، دەڵێ: "ئێستا كە ناوی من لەنێو ناوی ئەو دادوەرانە ئاشكرا بووە، لەبەر ئەوە نییە من دەمەوێ ئازایەتیی خۆم دەربخەم، بەڵكو گرنگە عێراقییەكان بزانن، كە ئەوە خودی عێراقییەكانن مامەڵە لەگەڵ ئەو كێشەیە دەكەن و سیستەمی دادوەریی عێراقیش رۆڵی خۆی دەگێڕێ، هەرچەندە دادوەرێكی ئەو دادگایە تیرۆر كراوە".

جوحی لەبارەی دادگاییكردنی سەدام گوتی: "عەدالەت بەسەر هەموو كەسدا جێبەجێ دەكرێ، تەنانەت ئەوانەی سەردەمێك وایان دەزانی لەیاسا بەرزترن. ئەوە بۆ یەكەمجارە لە وڵاتانی عەرەبیدا سەرۆكێك و هەموو دەست و پێوەندەكانی دادگایی دەكرێن، من لەم روانگەیەوە دوو پەیام رادەگەیەنم، یەكەمیان ئەوەیە پێویستە دەسەڵاتداران بزانن سەرۆكایەتی و بەرپرسیارێتی لەخودی كۆمەڵگاوە هەڵقوڵاوە و دووەمیان ئەوەیە هەر كەسێك، تەنانەت ئەگەر لەو پەڕی دەستەڵاتیشدا بێت، لە یاسا بەرزتر نابێت".

ناوبراو لەبارەی بەڕێوەچوونی دادگاییكردنەكە گوتی: "دادگاییكردنە بەسێ قۆناغ بەڕێوە دەچێ قۆناخی گوێگرتن لە شایەتەكان و كۆكردنەوە و سەیركردنی بەڵگە و پاشان قۆناغی دادگا كە تیایدا پێنج دادوەر ئامادە دەبن و دوا قۆناغیش تێهەڵچوونەوەیە كە بەئامادەبوونی نۆ دادوەر بەڕێوە دەچێ".
شایەنی باسە رائید جوحی سەرۆكی دەستەی دادوەرانی لێكۆڵینەوەیە و پارساڵ سەدام و سەرانی رژێمی لە تاوانەكانیان ئاگادار كردنەوە.

لەدانپێدانانێكدا:

# ئەتككردنی ١٠ كچی عێراقی و پاشان كوشتنیان لەسەر داوای حكومەتی سوری بووە

بەپێی ئەو دانپێدانانەی كە لەبەردەم دەزگاكانی پۆلیسی عێراقیدا تیرۆرستان كردیان و تەلەفزیۆنی العراقیە بڵاوی كردەوە. ئەو ١٠ كچەی كە لەماوەی دوو مانگی رابردوودا لە لایەن ئەوانەوە دەستدرێژی سێكسییان كراوەتە سەر و دواتر كوژراون لەسەر داوای حكومەتی سووری بووە. ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی ئامادەبوون لەسایەی حكومەتی عێراقیدا بخوێنن و، ئەو وەك عەمیلێك وەسفی كردن. جێگەی ئاماژە پێدانیشە (٧) لەو كچانە قوتابی زانكۆكانی بەغدا بوون و لەهیچ پۆستێكی حكومی و سەربازی عێراقی و ئەمریكیدا نەبوون و تەنانەت سەر بەهیچ دامەزراوەیەكیش نەبوون كە نزیكایەتی لەگەڵ حكومەتی عێراقی و ئەمریكیدا هەبێت، تەنها ئەوە نەبێت كە قوتابی زانكۆ بوون. ئەمە لەكاتێكدا هەر دوو تیرۆریستەكە گەنجن و لە پۆستی پۆلیسی عێراقیدا بوون و یەكێكیان ئەفسەرە و لە رێگەی چەك و هەروەها ئۆتۆمبێلی پۆلیسی عێراقیەوە ئەو كارانەیان ئەنجام داوە و دواتر هەر لە رێگەی پۆلیسی عێراقیەوە ئاشكرا كراون و دەستگیر كراون.

# لەساڵی ٢٠٠٤ دا حەفتا و هەشت پەیامنێر كوژراون

"دامەزراوی نێو نەتەوەیی چاپەمەنی" لە راپۆرتێكدا لەبارەی ئازادیی چاپەمەنی لەجیهاندا رایگەیاند: لەساڵی رابردوودا حەفتا و هەشت پەیامنێر كوژراون كە ئەم ژمارەیە لە چاو ساڵی پێشتر چوارده كەسی لێ زیاد بوون.
بەپێی راپۆرتی ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا لە ڤیەن، دامەزراوەكە كە لایەنگری ئازادیی چاپەمەنییە، ئامارەكەی خۆی لە ١٩١ وڵات كۆكردۆتەوە و ئاشكرای كردووە كە عێراق بە ٢٣ قوربانی لەساڵی ٢٠٠٤یشدا هەروا پڕ مەرگترین شوێنی جیهان بۆ چالاكی پەیامنێران بووە و ئەم ژمارەیە چوار كەس لە ئاماری راگەیەنراوی ساڵی ٢٠٠٣ زیاترە. بە گوێرەی هەواڵەكە، ئاسیا، باكووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر كام بە ٢٣ قوربانی پڕمەترسیترین ناوچەكانی دنیا لەو رووەوە بوون.
دامەزراوی نێونەتەوەیی چاپەمەنی ئەوەشی ئاشكرا كرد كە فیلیپین بەدوازدە قوربانی لەساڵی رابردوودا دوای عێراق زۆرترین پەیامنێری لێ كوژراون.
راپۆرتەكە دەڵێ: لەساڵی ١٩٧٧ەوە كە دامەزراوی نێونەتەوەیی چاپەمەنی دەستی بە كۆكردنەوەی ئامار كرد، تا ئێستا، ساڵی ٢٠٠٤ بەخراپترین ساڵ لەو بارەیەوە دادەنرێ. شایەنی باسە دامەزراوی ناوبراو ساڵی ١٩٥٠ لەئەمریكا دامەزراوە و ئێستا لە ١١٥ وڵات خەریكی چالاكییە.